# سەرهەڵدانی داستان و ڕۆمان لە ئەدەبی کوردی، لاساییکردنەوە یان دەرکەوتەی فەلسەفەیەکی دیاریکراو

سیروان جبار امین[1] و سەنگەر قادر شێخ محمد[2]
[1]فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان – عراق.
[2] کۆلێژی پەروەردە – شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عراق.
((رەزامەندیا بەلاڤکرنێ : 31 کانونا دووێ 2015))

**پوختە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی کراوە. لەتەوەری یەکەمدا کە لەسێ پاری سەرەکی پێکدێ، لەپاری یەکەم چەمك و چییەتی فەلسەفەی گشتگەرایی و ئەو فیکرانە خراونەتە ڕوو کە لە دووتوێی فەلسەفەی گشتگەرایی جێیان دەبێتەوە. پاری دووەمیش باسی سەرهەڵدانی داستان لەجیهان دەکات و پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەی گشتگەرایی دەخاتە ڕوو. هەرچی پاری سێیەمە،تایبەت کراوە بە سەرهەڵدانی داستانی کوردی.تەوەری دووەم کە ئەویش لەسێ پار پێکدێ، لەپاری یەکەم باس لە چەمك و چییەتی فەلسەفەی تاکگەرایی کراوە و دواتر لە پاری دووەمدا باس لەسەرهەڵدانی ڕۆمان کراوە لەناو میللەتانی ئەوروپی و ئەوە خراوەتە ڕوو کە چۆن ڕۆمان بناغەی خۆی لەناو کۆمەڵگەیێك داکوتاوە کە باوەڕی بە فەلسەفەی تاکگەراییەوە هەیە. لەپاری سێیەمیشدا ڕۆمانی کوردی خراوەتە ڕوو و هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، ئایا فەلسەفەی تاکگەرایی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی یان ڕۆمانی کوردی تەنیا لاساییکردنەوەی ڕۆمانی ئەوروپی بووە؟**

***وشە کلیلییەکان:*** *داستان، ڕۆمان، فەلسەفەی گشتگەرایی، فەلسەفەی تاکگەرایی*

## 1- فەلسەفەی گشتگەرایی و داستانی کوردی

بیر سەرچاوەی تەواوی ئەو تێڕوانینانەیە کە مرۆڤ هەیەتی، چۆنیەتی ڕوانینیش لە دیاردە و کەرەستەکانی دەورووبەر لە ڕێگەی بیرەوە بە دوو شێوە دەبێت : یان ئەوەتا لە بیرەوە بیرۆکەکە هەڵ دەقولێت و دروست دەبێت و خاوەنی بیرۆکەکە لە سروشت دا بەدوای چەسپاندنی بیرۆکەکە دا دەگەڕێت، بەو مانایەی لە دەورووبەر و سروشتدا نموونەی بۆ بدۆزێتەوە، یان بوونەکە یان دیاردەکە هەیە و کەسی بیرمەند دێ و ئەو شتە دەدۆزێتەوە و لە ناو بیری خۆی دا تیۆریزەی دەکات ، کەواتە لە هەردوو لایەن دا و بۆ دروست کردنی هەر تیۆرێك یان بۆچونێك پێویستمان بە بەڵگە هەیە و ناتوانین بەدەر لە بەڵگە هێنانەوە هیچ بیرۆکەیەك دەر ببڕین. ئەوەش ئەرکی بیر و هزرە تا وامان لێبکات بڕوا بەو بیرۆکانە بێنین کە ئەو دروستی کردوون

خستوونیەتە بەرچاو، بێگومان ئەو كارەش دەكات.

بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە ئایا ئەم بیرە چ وەكو تیۆر و چ كاتێك دەچێتە بواری جێبە جێكردن لە خزمەت كێ دادەبێت، ئایا لە خزمەتی تاكە و هەوڵی بەدیار خستنی تاك دەدات و ئینجا لەرێگای ئەویشەوە هەوڵی خزمەتی گشت دەدات، یان لە گشتەوە دەست پێ دەكات و بیرۆكەی گشتیەتی بەسەر تەواوی لایەنەكان دەسەپێنێ و لە ئەنجامیش دا دەیەوێ خزمەت بە تاك بكات، ئەگەر چی لە مەیان دا تاك زۆر بە ئاستەنگ دەردەكەوێت و بیرە گشتییەكە خزمەتێكی زۆری پێ ناكات.

## 1-1- چییەتی فەلسەفەی گشتگەرایی

گشتێتی و بە گشتی لە ژیان روانین چەمكێكە تەبایە لەگەڵ فەلسەفەی كۆن ، یان راستتر بڵێین فەلسەفەی كۆن بنەماكانی خۆی لەسەر هەمەكی بوون و گشتێتی دادەناو لە بەرامبەریشدا تاك بوونی رەت دەكردەوە. دیارە بەرای من ئەم قسەیە رەها نییە و هەموو فەیلەسوفە كۆنەكان ناگرێتەوە ، بۆ نموونە (سوكرات) ی فەیلەسوف بناغەی فەلسەفەی خۆی لە سەر بیری(خۆت بناسە) دا داناوە، ئەمەش مانای وایە سوكرات باوەڕی بە بوونی خود هەبووە، بەر لەوەی باوەڕی بە گشتەكان هەبێ، چونكە خۆناسین گەڕانەوەیە بۆ خود و ئەو بنەمایانەی خودیان لەسەر پێكهاتووە و بەمەش هەر تاكێك هەوڵی دۆزینەوە و ناسینی خۆی دەدات و سەرەنجام تێ دەگات لەگەڵ ئەوی تر جیاوازە و لێرەش دا ناكرێ بە گشتی روانینێك لە نێوانیان دا دروست بێت .هەرچی ئەرستۆیە ئەوا بە تەواوی دژی تاك بوون دەوەستێ و دەڵێت: ((وردبوونەوە لە حاڵەتە تایبەتەكان، خۆی لە خۆیدا واتایەكی نییە، مرۆڤ دەبێ بە هەموو توانایەكیەوە لە بەرامبەر لافاوی بێمەعنای درككردنی هەستیدا بوەستێ و ناسینێك سەبارەت هەمەكیەكان بەدەست بێنێت كە تاكە واقیعەتی كۆتایی و لە گۆڕان نەهاتووە))[1] لێرەدا ئەرستۆ وەكو مامۆستاكەی سەبارەت بە هەستەكان بیر دەكاتەوە و دەدوێ. پێشیوایە چونكە تاك لە رێگای هەستەكانەوە درك بە دەوروبەری دەكات ، بۆیە ناگات بە هیچ راستەقینەیەك و لەبەر ئەوەی ئەركی فەلسەفەش ئەوەیە شتە راستییەكان بە ئێمە بڵێ، بۆیە هەم دەبێ خۆی لە تاك بوون دووربكەوێتەوە و هەمیش دەبێ لەرێی هزرەوە خەڵكیش دوور بخاتەوە و رووە و راستەقینەیەكیان ببات كە گشتی و نەگۆڕە. لێرەدا دەكرێ بڵێین بیری گشتی لەگەڵ رەهابوون دا هاوتان و هیچ دەرفەتێك بۆ گومان كردن و تەنانەت بیركردنەوەی تاكیش ناهێڵێتەوە، بەڵكو ئەو بیرەی كە گشت دەری دەبڕێ و پێی گەیشتووە ، تاك دەبێ بە ناچاری باوەڕی پێ بێنێ ، چونكە لە بیری گشت دا تاكە شتێك كە تاك بێ حەقیقەتە، بەو مانایەی بۆ هەموو مرۆڤەكان تاكە یەك حەقیقەت هەیە و دەبێ هەموو باوەڕی پێ بكەن، نەوەك هەر تاكێك بۆ خۆی باوەڕی بەوە هەبێ كە ئەو پێی وایە راستەقینەیە.

لەم سۆنگەیەشەوە(( فەلسەفەی كلاسیكی تەفسیری كەس لە رێگەی سروشت وناواخنی سەردەمەكەی دەكات، لەرێگەی رێگای ژیانی هاوبەش و داب ونەریتی میللی))[2] بەو واتایەی لە فەلسەفەی كلاسیكی دا تاك بوون هیچ مانایەكی نییە ئەگەر لە چوارچێوەیە ئەو پەیوەندیانەدا نەبێ كە لەگەڵ ئەوانی تردا هەیەتی ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ خەسڵەت و ئامانج و تایبەتمەندی هەر تاكێك دیار بكەین یان بمانەوێ هەر تاكێك بناسین ، ئەوا ناكرێ لە رێگەی گەڕانەوە بۆ تاكەكە خۆی بیناسین ، بەڵكو دەبێ لە رێگەی ناسینی ئەوانی تر و ئەو پەیوەندیەی تاك لەگەڵ ئەوانی تردا هەیەتی بیناسین. لەم رێگەیەشەوە ئەگەر بشگەین بە حەقیقەتێك كە گشت باوەڕی پێی هەیە، ئەوا ناگەین بەو حەقیقەتەی كە هەر تاكێك هەیەتی ((تاك تا بەر لە سەردەمی رێنیسانس خۆی نەدەناسی و ناسنامەیەكی نەبوو، پەیوەست بوو بە پێكهاتەی ئاینزایی و ئابووری و دام دەزگا كۆمەڵایەتیەكان))[3] بۆیە لە رێگای ئەمانەوە دەناسرایەوە و ئەو ناسنامەیەی هەی بوو ناسنامەیەكی گشتی بوو كە زۆرینەی هەرە زۆری تاكەكانی كۆمەڵگاكەی لێی بەشداربوون و هەر هەموویان خۆیان لە و ناسنامە گشتییەدا دەبینیەوە یا خۆیان پێدا هەڵدەپەسارد، چونكە ئەوە ناسنامەی راستەقینەی ئەوان نەبوو، بەڵكو ناسنامەی كۆمەڵێ خەڵكی سەردەستە و دەست رۆیشتوو و بنەماڵەی بەناو بانگ بوو ((مێژووش لە كۆمەڵگەی ئۆرستۆكراتی دا خودی ئەو بنەماڵانە دروستیان دەكرد، كە تیایدا ماندووبوونی رەشۆكیەكان گرنگی پێ نەدەدرا))[4] كەواتە لە فەلسەفەی كۆن و لە كۆمەڵگەی سەردەمی ئۆرستۆكراتی ئەگەر بە چاوی ئەورۆ سەیری بكەین ئەوا تاك دوچاری قەیرانی شوناس بۆتەوە، چونك ئەو پێویستە ناسنامەی خۆی لە سنوری كۆمەڵێك بابەت دا دیار بكات كە هیچ پەیوەندی یەكی راستەقینەیان بەوەوە نییە و دەبێت مێژوو و كۆمەڵگە و دابێك بكات بە ناسنامەی خۆی كە ئەو دروستی نەكردوون یان ئەو دروستی كردوون، بەڵام ئەو تیایان دا بە دیار ناكەوێ و خەڵكانی تر بە خاوەنی سەرەكی ئەو ناسنامەیە دادەنرێن و ئەویش لە چوار چێوەی بیری گشتی كۆمەڵگەدا و بە پەراوێز خراوی بەشێكی ئەو ناسنامەیەی بەر دەكەوێت.

## 1-2- داستانی جیهانی و فەلسەفەی گشتگەرایی

داستانیش وەكو بەشێك لەو دیاردانە و وەكو بەشێك لە ئەدەب كە پەیوەندی لە مێژینەی لەگەڵ مرۆڤ دا هەیە، لەو چەمكە گشتێتی و هەمەكیەدا بەشدارە و لەوێدا تاك وەكو گشت خۆی دەبینێتەوە، چونكە دەربڕی كۆمەڵگا و دەربڕی ئەو بیر و هزر و باوەڕانەیە كە لەناو كۆمەڵگەدا هەن و ئەمانەش لە سەردەمی ئۆرستۆكراتیەت هەر هەموویان لە رێگەی هزری گشتییەوە دەردەبڕدران، بۆیە داستان وەك ئەوەی

پەیوەندیەكی تۆكمەی لەگەڵ ئۆرستۆكراتیەت دا هەیە، بووە بە دەربڕی تەواوی بیرە ئۆرستۆكراتیەكان .

((داستان چیرۆكێكە سەرەڕۆییەكانی كۆمەڵێك كەس دەگێڕێتەوە))[5]، بەڵام ئەم كۆمەڵە كەسە هەموویان لە خزمەتی تاكە كەسێك دان كە پاڵەوانی داستانە و ئەویش لە جێگای خۆی هەڵگری كۆمەڵێك بیر و رای گشتییە كە تیایدا وێنای هەموو ئەو خەسڵەتانە دەكات كە لە نێو كۆمەڵگەكەی دا هەن و لەو رێگایەشەوە دەیەوێ ناسنامەی میللەتەكەی دیار بكات ((داستان وێنا كردنی ململانێی گەلە بۆ بەدەست هێنانی خودێتییە میللیەكەی خۆی))[6]، كەواتە لە ناو داستان دا چەمكی خودێتی هەیە، بەڵام نەك خودێتی تاكە كەسی ، بەڵكو خودێتی میللەت، چونكە داستان بەرهەمێك نییە قوڵ بوویێتەوە بەناو ناخی تاك یا دەرخستنی تاكی بەلاوە گرنگ بێت، بەڵكو ئەوەی ئەو دەیكا دەرخستنی میللەتە و ئەركی ئەویش دیاری كردنی ناسنامەی میللەتەكەیەتی.

ئەگەر ئاورێكیش لە تەواوی داستانە دەست كردەكان بدەینەوە، هەر هەموویان بۆ ئەوە هۆنراونەتەوە تا خەڵكی بزانن ئەم میللەتە بوونیان هەیە و توانای داهێنانی گەورەیان هەیە و، خاوەنی مێژوویەكی زۆر مەزنن. هەرچەندە (ف.م جیرمۆنسكی) پێیوایە لەبەر ئەوەی داستان سروشتێكی ئۆرستۆكراتی هەیە بۆیە ((ئۆرستۆكراتیەت پەیوەندی لەگەڵ (تاكێتی) داستانی پاڵەوانی دەبێ و گرنگیەكەی (لەگەڵ تێكەڵ بوون) ون دەبێت( commualinterest wantiug)))[7] لەم روانگەیەشەوە ئەو پێی وایە ((كەسایەتی پاڵەوانی دەبێتە نێوەندی گرنگی پێدان نەوەك ئاكامی میللەتان))[8] بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەرك و پەیامی داستان ناگونجێ ئەگەرچی ئەمە راستە هەموو پێكهاتە و توخمەكان لە داستان دا لە خزمەتی پاڵەوان دان و هەوڵی بەدیار خستنی ئەوە دەدەن، بەڵام خودی پاڵەوانەكە خاوەنی بیرۆكە گەلێك نییە كە وەكو تاك هەستی پێ بكرێ، بگرە هەموو ئەو بیرۆكە و كردارانەی پاڵەوان ئەنجامیان دەدات لە هزری گشتی یەوە سەرچاوە دەگرن و خزمەت بە گشت دەكەن نەك بە تاك، تەنانەت خزمەت بە خودی پاڵەوانیش ناكەن وەكو تاك و هەر كردارێك و سەركەوتنێك كە پاڵەوان ئەنجامی دەدات هی پاڵەوان نییە، بەڵكو هی ئەو میللەتەیە كە پاڵەوانەكە نوێنەرایەتی دەكات.

بەر لە ئەویش (هیگل) لە بارەی تایبەتمەندیەتی پاڵەوانی داستان رای خۆی دەربڕیوە و دەڵێ لە داستان دا ((هەر پاڵەوانێك پەند و ئامۆژگاری تایبەتی خۆی پێشكەش دەكات))[9] كە ئەمە هیچ كێشەیەك دروست ناكات، چونكە بێگومان پاڵەوان كۆمەڵێك خەسڵەتی تێدا كۆكراونەتەوە لەوانەیە لە خەڵكی ئاسایی نەبن، بۆیە ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی ئەویش پێشكەشیان دەكات پەند و ئامۆژگاری بە سوودن، بەڵام نەك بۆ خۆی یان بۆ خزمەتی خۆی، بەڵكو بۆ كۆمەڵگە و میللەت بە

گشتی، کەواتە بیرەکان ئەگەر لە سەرچاوەیەکیشەوە دەر بچن کە تاکێکە، ئەوا بەبیری تاك ناخوێنرێنەوە، چونکە سەرەنجام دەکەونە خزمەتی گشتەوە. ئەمە لە فەلسەفەی کلاسیکیش دا بە هەمان شێوەیە، ئەو بیر و هزرانەی کە دەر دەبڕدرێن تاکە کەسێك دەریان دەبڕێت، بەلاّم لە کۆتایی دا بۆ ئەوە دەربڕاون بگشتێنرێن و تەواوی خەڵکی لە سەریان بڕۆن و ببێتە هزری کۆمەڵگە بە گشتی.

زاڵ بوونی بیرۆکەی گشتیش لە ناو داستان دا سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ فەلسەفەکەی دا هەیە، دەشگەرێتەوە بۆ بوونی ئەو جۆرە کات و شوێنەی لە داستان دا هەیە، چونکە لە داستان دا چ کات چ شوێن دیاری کراو نین و سەردەمەکەشیان نازانرێت بەو هۆیەشەوە گشتێتی زاڵ دەبێت بەسەر بیرۆکەی داستان و وەك (جۆن لۆك) دەڵێ ((بیرەکان دەبن بە گشتی ئەگەر هۆکاری کات و شوێنیان لێ دابڕا))[10] بۆیەشە ناتوانین توخمەکانی ناو داستان بخەینە ناو هیچ چوارچێوەیەکی زەمەنی. ئەمەش بێگومان بە مەبەستەوە کراوە ، بەم شێوەیە ئێمە ناتوانین خەسڵەتی تایبەتمەندی وردی پاڵەوانی ناو داستان دیار بکەین ، بەو واتایەی شێوەیەکی تەواوی ئەم پاڵەوانەمان لە ناو کۆمەڵگەدا نییە، بۆیە دەکرێ هەر تاکێك لە ئاستی خۆیەوە بیرۆکەکان و کردارەکان و ئەو پاڵەوانە پەسند بکات و جێی شانازی ئەو بێت.

لایەنێکی دیکەی یارمەتی دەر بۆ ئەوەی داستان وەکو گشتێك دەربکەوێت بوونی هۆنەری داستانە، چونکە هۆنەری داستان هەرگیز باس لە خۆی ناکات و ئەو باوەڕانە دەر نابڕێ کە خۆی بڕوای پێیان هەیە. ئەگەر هات و ئەو کارەشی کرد ئەوا ((پێچەوانەی رووحی گشتی یەتی داستانە))[11] چونکە هۆنەری داستان تا پێی دەکرێ نابێ لە خۆی بدوێ ، بەڵکو دەبێ لە ئەوانی تر بدوێ. ئەمەش کرۆك و بناغەی داستانە و لە ئەو دوان ئەرکی داستانە و هۆنەری داستان دەبێ ببێ ((بە دەربڕی هەستی کۆمەڵێکی زۆر لە و خەڵکەی لە سەردەمی ئەو دا یان لە دەوروبەری دەژیین))[12] ، ئەمەش کارێکە لە دەستی هۆنەردا نییە، ئەو بیەوێ یان نا دەبێ ئەم کار بکات ، لەبەر ئەوەی هۆنەر داستانەکەی لە خەڵکی تر وەردەگرێت و خۆی داڕێژەری بیرەکە نییە. بابەتی داستانەکە بە شێوەی زارەکی لە ناو میللەت دا بلاّوەو لەگەڵ هزری ئەم خەڵکەدا تێکەڵ بووە، جا ئەوان بۆ خۆیان بیری خۆیانی لەگەڵ تێکەڵ دەکەن و هۆنەریش دێ لە وانی وەردەگرێ، بۆیە دەبێ بە دەربڕی بیروڕای ئەوان، ئەگەرچی من پێموایە ئەگەر هۆنەر چ لە خۆی بدوێ چ لە ئەوانی تر، چونکە بیرۆکە و ئەو هزرەی کاری لەسەر دەکات ودەیەوێ دەری ببڕێ گشتی یە، بۆیە بەرهەمەکەی هەر گشتی دەردەچێت و لە ئەنجامیش دا هەر وەك هیگل باسی دەکات و بە ((گشتێتی ئامانجەکان))[13] ناوی دەبات، تاکە ئامانجێکی دەبێت ئەویش

خزمەت كردنی بیرۆكەی گشتیە و هیگل لە دژی ئەوەشە كە ئەم ئامانجە گشتییە وەكو خودێكی سەربەخۆ سەیری بكرێ و ئەگەر ((هۆنەری داستان جیهانی ئامانجی كردن بە سەربەخۆو خودی ، ئەوا تەواوی نرخە هونەریەكەی لە دەست دەدات))[14] ، لەوەشەوە ئەوەمان بۆ دەر دەكەوێ لە داساتان دا هیچ شتێك بە تەنیا و وەكو خود بوون مانای نییە، بەڵكو دەبێ تەواوی توخم و ئامانج و مەبەستەكان بە شتێكی دیكەی دەرەوەی خۆیان گرێ بدرێن، ئەگەر وەكو خۆیان سەیریان كرا ئەوا مانای گشتی بوون لە دەست دەدەن و بیرۆكەی گشتی پێویستی بەوە هەیە تەواوی ئەو یەكانەی ئەو دروستی كردوون پابەند بێت بەوەوە نەوەك بە پێچەوانە.

بیرۆكەی گشتی بوونیش تارادەیەكی زۆر خزمەتی بە بوونی داستان كردووە ،لە داستان دا ((لە وانەیە بگەینە سنووری كرداری باوەڕ پێ نەكراو كە لە وانەوە پەرجو دروست دەبن))[15] و ئەمانەش ئەگەر لە سەردەمێك دا بگوترانایە كە بیرۆكەی گشتی بوون تێیدا بالاّ دەست نەبووایە ئەوا كەس باوەڕی پێ نەدەكرد، بەلاّم لەبەر ئەوەی خەڵكانی سەردەمی داستان لە سەر باوەڕو بیرۆكەی گشتی كاریان كردووە و هەرچی كۆمەڵگە باوەڕی پێهێنابێ تاك دەستە وەستان بووە لە بەرانبەر باوەڕ پێهێنانی دا ، بۆیە بابەت و ڕووداوەكان زۆر بە ئاسایی وەرگیراون و مامەڵەیان لەگەڵ دا كراوە و خودی هۆنەریش باوەڕی بە هەمان كردار و بیرۆكە هەبووە.

وەك گوتمان لەناو فەلسەفەی گشتی یا فەلسەفەی كلاسیك دا تاكەكان هیچ ڕۆڵێكیان نییە و ئەوەی ڕۆڵ دەبینێ گشتەكەیە ، هەمان ئەو بیرۆكەیە لە ناو داستانیش دا بەدی دەكرێ ، مرۆڤی داستانی هەموو ئاڵوگۆڕێكی ئایدۆلۆژی لێ قەدەغەكراوە (ئەمەش لەسەر پاڵەوان و هۆنەر دەچەسپێ).

بارودۆخی داستان تەنیا تاكە چەمكێكی هەیە بۆ جیهان، چەمكێكی كورت و پەیوەست و دڵنیا كەر بۆ پاڵەوان و دانەر و گوێگرەكان))[16]و هەمووومان دەبێ باوەڕ بەو ڕەهاییە بێنین كە لە چەمكی گشتی یەتی دا هەیە و ئەمەش مەودای بیر كردنەوە بەر تەسك دەكاتەوە و سەرەنجام نایهێڵێ و نەوە دوای نەوەش دەبێ لەسەر هەمان ئەو باوەڕانە بڕۆن كە پێشینەكانیان هەیان بووە، چونكە وەك ئەوەی لە كۆن دا هەموو شتەكان پیرۆز دەكران ئاواش ئەركی داستان ئەوە بوو شتەكان پیرۆز ڕابگرێت و زۆررجار خودی خۆشی بە پیرۆز سەیر دەكرا ((لە ڕاستی دا ئەدەبی پاڵەوانی یەتی وەكو كتێبی پیرۆز sacred scripture لە كۆمەڵگاكانی هیندۆ ئەورووپی بەرایی، هەژمار دەكرا))[17] هەر ئەوەشە وای كردووە ڕێژەی بەرهەمی داستانی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ژانرە ئەدەبی یەكانی دیكە ئەوەندە زۆر نەبێ، ئەوەی داستان دەهۆنێتەوە دەبێ ئەوەی لەبەر چاو بێت كە بەرهەمێكی بەرز و پیرۆز دەهۆنێتەوە، بۆیە پێویستە تا ئەو ڕادەیەی گونجاوە بەرهەمەكەی بێ كەم و كوڕی بێت و

وەك ئەوەی خۆی لە خزمەت چەمكە نەگۆڕ و ڕەهاكانە ڕەهایی و نەگۆڕیش بەخۆی ببەخشیٚ.

بیرۆكەی ئەو چەسپان و ڕەهاییەش لە ژیان دا و لە داستانیش دا وەكو بەشێك لە ژیان لەوەوە سەرچاوە دەگریٚ كە لە فەلسەفەی كلاسیكی دا پێیان وابوو هەموو شتەكان ((خەسڵەتێكی چەسپیویان هەیە و بنەڕەتەكانی مرۆڤ و جیهان ناگۆڕێن))[18] ، ئەمەش كرۆكی فەلسەفەی كلاسیكی یە بەتایبەتی لای ئەفلاتون، كە ئەو باوەڕی بەوە نەبوو ئەو شتانەی كە لە ڕێگەی هەستەكانەوە دركیان پیٚ دەكەین ڕاستەقینە بن و پێشی وابوو تەنیا شتە ناڕاستەقینەكان گۆڕانیان بەسەردادێت و كرۆك و مەژگەی بابەتە ڕاستەقینەكان هەروەكو خۆیان دەمێننەوە.

## 1-3- داستانی كوردی و فەلسەفەی گشتگەرایی

لە ناو كورد دا فەیلە سوف نەبووە، بۆیە ئەگەر هەر بیرێكی فەلسەفی هەبیٚ، ئەوا پەیوەست بووە بە فەلسەفەی ئایینی ، ئەویش لە دوو سەرچاوەوە هاتووە: یەكێكیان هی ئایینی زەردەشتی یەو ئەوی تریشیان پەیوەستە بە ئایینی ئیسلام. ئەم دوو سەرچاوەیەش هەردووكیان سەرچاوەگەلێكن خزمەت بە بیری گشت دەكەن، چونكە ئەوەی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە ئایین و تەواوی فەلسەفەی ئایین خزمەت بە گشت دەكات. لە ئایین دا ئێمە هیچ شتێك نابینینەوە تایبەت بێت بە تاكە كەسێك ، بەڵكو هەموو ئەو ئەرك و فەرمانانەی لەسەر هەر تاكێك سەپێنراون هەمان ئەرك و فەرمانن كە هەموو تاكەكان پێویستە ئەنجامی بدەن، بۆیە بە گشتی ئایین لە خزمەتی بیری گشتی دایە نەك تاك .لەناو داستانی كوردی دا بیری ئایینی تارادەیەك زاڵە و مەسەلەی قەدەر بەتەواوی هەستی پیٚ دەكرێت و زۆرینەی ڕووداوە قەدەرییەكان ڕووداوی سەرەكی ناو داستان پێكدێنن. تاكی كورد وەك تاكێكی موسڵمان باوەڕی تەواوی بە قەدەر و ڕوودانی هەر ڕووداوێك لە ڕێگە قەدەرەوە هەیە. ئەگەرچی لە داستانی كوردی دا بیری دڵداری لە هەموو لایەنەكانی دیكە زاڵ ترە، بەڵام زۆرجار ئەم بیرە وەكو نێوەندێك بەكار هاتووە بۆ ئەوەی كۆمەڵێك بیری ئایینی پیٚ دەر ببڕدرێت و لایەنە دڵدارییەكە پەردە پۆش كراوە بە بیرە ئایینییەكان. هەروەها خودی داستانە دڵدارییەكانیش بەدەر نین لە بیری نەتەوەیی ((لە داستانە دڵدارییەكان دوو خەمی سەرەكی دەبینین ئەویش یان خەمی نەتەوە هامێزە یان كەسەرێكی دڵ تەزێنی ناگوزوری ئەڤینە))[19] هەروەها داستانی قارەمانیەتیشمان هەیە كە ئەویش قارەمانێتی و ئازایەتی گشت – میللەتی كورد- بەدیار دەخات . ئەگەرچی ئازایەتیەكە جاری وا هەیە لەلایەن چەند كەسێكەوە ئەنجام دەدریٚ وەكو داستانی (دوازدە سوارەی مەریوان) و جاری واش هەیە لەلایەن تەواوی میللەت ئەنجام دەدرێت وەكو (داستانی قەڵای دمدم)، بەڵام ئەمان هیچیان لە بوونی پاڵەوانێكی ئازاو لێهاتوو بەدەر نین ، كە نەتەوەی كورد بە گشتی شانازیان پیٚ دەكات.

ئەوەی داستانی کوردی لە داستانی جیهانی لە رووی بیرەوە جیا دەکاتەوە، بوونی بیرە نەتەوەییەکەیەتی بەمانای ئێستای، واتە لە داستانی کوردی دا – بەتایبەتی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی – بە تەواوی داوای ئەوە کراوە کەنەتەوەی کورد نەتەوەیەکی سەربە خۆبێت و خۆی پەیوەست نەکات بە هیچ نەتەوەیەکی دیکە و نەبێت بە خزمەت کاری هیچ کەسێك ((لە دوای جەنگی چالدێران (1514) و بۆ یەکەم جار دابەشکردنی خاکی کورد بەسەر هەردوو دەوڵەتەکەی عوسمانی و عەجەم ، بیری نەتەوەیی بە شێوەیەکی نوێ کەوتە ناوەوە))[20] و رۆشەنبیرانی کوردیش وەك هەمیشە پێشەنگ و پێشرەوی هەر بیرێکی نوێن کە لە خزمەت میللەت دابێت، بۆیە برەویان بەو بیرە داو لە بوارەکانی خۆیان دا کاریان لەسەر کردوو میللەتیان لێ هۆشیار کردەوە. بێگومان ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە کورد بەر لەو مێژووە داستانی نەبووە ، بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە دوای ئەم سەردەمە بیری نەتەوەیی دێتە ناو داستانی کوردی و خانیش دەبێتە سەرئامەد لەم بوارەدا.

بەڵام لە هەندێ لایەنی تردا خانی ((نەیتوانیوە رەخنە لەو سیستەم و هێزە خۆ سەپێنە میتافیزیکیانە بگرێ و خوێندنەوەیەکەی تازەی هەبێت بۆ هۆکارەکان))[21]، دیارە ئەم هۆکارانە تەواوی ئەو دیاردەو بیر و هزرانە ناگرنەوە کە لەسەردەمی خانی دا لە ئارادابوونە، چونکە وەك پێشتر روونمان کردەوە خانی خوێندنەوەی نوێی کردووە بۆ نەتەوەو بیری نەتەوەیی و دانانی دەوڵەت. بەڵام لەلایەنی بیری میتافیزیکی بە هیچ شێوەیەك لە دژی ئەو بیرانەدا نەوەستاوە، بەڵکو خزمەتی کردوون و خودی خۆشی وەکو مەلایەك باوەڕی بە تەواوی بیرۆکە میتافیزیکیەکان هەبووە . ئەمەش جیاوازی بیری نەتەوەیی لای ئێمە و ئەورووپاییەکان دەردەخات ، چونکە لە ئەورووپادا ((سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و بزوتنەوەی چاکسازی لە سەدەی شازدەهەم بنەماکانی گیانی کۆمەڵایەتی پێکبەستراوو پەیوەست بە ئایینی لە ئینگلتەرادا هەژاند))[22]. پەیوەست کردنی بیری نەتەوەیی لای کورد بە ئایینەوە ئەنجامێکی باشی لێ نەکەوتەوە و ئێستا هەمووومان ئاکامەکەی دەبینین، چونکە بیری نەتەوەیی لە ئاییندا تارادەیەکی زۆر کاڵ بۆتەوە و بە پێی چەمکە ئایینیەکان هەموومان بەندەی خواین و پێویستە لە ژێر دەستی تاکە فەرمان رەوایەك دابین و چی ئەو وتی وابکەین . بەمەش جۆرێك لە دژایەتی دروست دەبێت لە نێوان ئایین و بیری نەتەوەیی، چونکە بەپێی چەمکی نەتەوە دەبێت رۆڵەیەکی نەتەوە سەرۆکی وڵات بێت و هەر شتێکیش کە ئەنجامی دەدەن چ وەك سەرۆك و چ وەك نەتەوە بە بەرهەمی ئەو نەتەوەیە دادەنرێت، بەڵام لە ئاییندا کەسێك سەرۆك یان خەلیفەی تۆیە کە نەکوڕی نەتەوەکەتەو نە هیچ پەیوەندیەکیشی جگە لە ئایینەکە لە گەڵت دا هەیە. هەرچی داهێنان و نوێکارییێکیشە لە ناو دەسەڵاتی ئایینی بەرهەم

بهێنرێت بۆ دەسەلاتی ئایین هەژمار دەکرێت نەك بۆ نەتەوە، ئەمە لە کاتێك دا ئەگەر نەتەوەیەك خۆی نەکردبێ بە سەردەستی ئایینەکە، خۆ ئەگەر نەتەوەیەکی وا هەبێ ئەوا تەواوی نوێ کاریەکان بۆ ئەو دەگەڕێنەوە .

لایەنێکی دیکەی جیاوازی لە نێوان داستانی کوردی و داستانی میللەتانی دیکە ئەوەیە داستانی کوردی بۆ رەشۆکیانیش نووسراوە، واتە مەرج نەبووە تەنیا چینی دەسەلات داران و خانەدانان بیخوێننەوە، ئەگەرچی زۆرینەی داستانە کوردی یەکان پاڵەوانەکانیان لەو چینانە بوونە و باسی ئازایەتی و لێهاتوویی و پاکی و تەنانەت دڵداری ئەو چینە دەکەن، بەڵام خەڵکی رەشۆکیش بۆیان هەبووە گوێ لەم داستانانە بگرن و بیان خوێننەوە . خانی دەڵێت :

بێ حیلە و خوردەو تەمامن
مەقبولێ موعامەلا عەوامن ل60

هەرچەندە خانی ئارەزووی ئەوەی کردووە بەرهەمەکەی لەلایەن دەسەلاتدارانەوە پەسندبکرێ، کە رەنگە ئەمە ئارەزووی زۆرێك لە نووسەر و شاعیران بێت، بەڵام ئەو رەشە خەڵکیشی بەلاوە گرنگ بووە و پێی وایە ئەگەر خانە دانانیش پێی رازی نەبن، ئەوا خەڵکی سادە پێی رازی دەبن و گوێی لێ دەگرن و دەیخوێننەوە . لێرەشدا خانی دەتوانێ بە دروستی ئەو بیرەی لە ناو بەرهەمەکەیدایە بیگەیەنێ، چونکە بە دیارخستن و پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی تەنیا پەیوەست بە پاشاو بەگ زادەکان نییە، بەڵکو لە سەر هەرتاکێکی نەتەوە پێویستە نەتەوەکەی خۆش بوویت و خزمەتی بکات.

## 2- فەلسەفەی تاکگەرایی و رۆمانی کوردی

### 2-1- چییەت فەلسەفەی تاکگەرایی

دیکارت وتی: ((من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم))[23]، بەم گوتەیەشی رێچکەی تەواوی بیر و فەلسەفەی دونیای گۆڕی، چونکە لەم گوتەیەدا (من) پەیدابوو کە هەست بە بوونی خۆی دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت من هەم و ئەو (من) ە دەبێتە سەنتەر بۆ تەواوی بیر و کردارەکانی ئەو تاکە خۆی و چیتر خەڵکانی تر بیر ناکەنەوە و داهێنان و نوێ کاری ناکەن تا (من) یش لە رێگەی ئەوانەوە هەست بە بوونی خۆی بکات و شانازی بە ئەوانی ترەوە بکات .

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ئەم (من) ەی دیکارتیش پێداگیریەتی لەسەر ((میتۆدی گومان))[24] و پرسیار خستنە سەر هەموو شتێك و باوەڕ نەهێنانی راستەو خۆی بە هیچ بیرۆکە یان کردارێك بەر لەوەی بەتەواوی بیری لێ نەکرابێتەوە و بەڵگەو تاقیکردنەوەی نەبن، بۆ ئەوەی ئەم راستی یە بسەلمێنن. لێرەشدا کرۆکی فەلسەفەی دیکارت بەدیار دەکەوێت کە ئەم بەڵگە سەلمێنەرانە دەبێت لەلای خودی تاکەکەوە سەلمێنرابن تا بتوانێ باوەڕیان پێ بێنێ، چونکە دیکارت پێی وایە ((گەڕان بە دوای راستی یەکان کارێکی تاکە کەسی یە))[25] و رەنگە بۆ تاکێك کۆمەڵێك راستی هەبن ، یان هیچ نەبێ بۆ هەموو

کۆمەڵگە تاکە یەك ڕاستی یەك نییە ، کە هەمووان باوەڕیان پێی هەبێ و پێیان وابێ بەدەر لەو ڕاستی یەی کە ئەوان پێیان گوتراوە، هیچ ڕاستی یەکی تر نییە. لێرەشدا چەمکی پیرۆزکردنی شتەکان ڕووەو کاڵ بوونەوە دەڕوات، چونکە پیرۆز کردن پێویستی بە ڕێککەوتنێکی دەستە جەمعی هەیە، بەڵام لە کاتێك دا بۆ هەر تاکێك بیرۆکەیەك و ڕێبازێك و بۆچونێك هەبێت کە ئەوانی دیکە باوەڕیان پێی نییە ،ئەوا بوونی ئەو ڕێکەوتنە قورس تر دەبێت و چەمکە پیرۆزەکانیش ئەو پیرۆزیەیان نامێنێت. ئەمەش ڕێخۆشکەرێکی چاکە تا تاك بتوانێ گۆڕانکاری ئەنجام بدات، چونکە لەنێو چەمکە پیرۆزەکان دا گۆڕانکاری مەحاڵە و تاك بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە تەنانەت بیریش لە بوونی ئەم پیرۆزیانە بکاتەوە، نەخاسمە هەوڵی گۆڕینی ئەوان یان گۆڕینی ئەو بنەمایانە بدات کە ئەوانی پیرۆز کردووە، لەوەدا ((بەلانانی گشتەکان و پێداگیری لەسەر تایبەت مەندییەکان))[26] هاتە ئاراوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو فەلسەفەیە بوو کەپێشتر هەبوو ئەوەی کە بە فەلسەفەی کلاسیکی ناسراوە. بەم شێوەیە ڕەتکردنەوەی بیری کۆن و فەلسەفەی کۆن پەیدابوو ، پەرەپێدانی بیری تاك و فەلسەفەی نوێ سەری هەڵدا لە فەلسەفەی کلاسیکی هەموو شتێکی کۆن دەبووایە بە ئاگاداری و بەرز ڕاگرتنێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بکرابایە، بەڵام فەلسەفەی نوێ مامەڵەی بەرز و ڕێزگرتنی زۆری بۆ بیری نوێ و ئەو بیرانە بوو کە لە خزمەتی تاك دابوون. ئەم بیرەش هەر بە تەنیا لای (دیکارت) نەبوو، بەڵکو فەیلە سوفانی دیکە پێداگیریان لەسەر هەمان باوەڕ دەکرد، فیختە دەڵێت ((بەگشتی (من) ی تاك کرۆکی گەردوونە))[27] تەواوی شتەکانی ئەم گەردوونە تەنیا لە تێڕوانین و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەوەوە مانا وەردەگرن، چونکە کرۆکی ئەوان مرۆڤە و کرۆکی مرۆڤیش بیرکردنەوەیەتی، کەواتە ئەوە مرۆڤە مانا بوون بە شتەکانی دەورووبەری دەبەخشێت نەك بە پێچەوانەوە، ئەوەشە وای لە فەلسەفەی نوێ کردووە بگاتە ئەو باوەڕەی کە((تاك تاکە حەقیقەتێکە و ، دووپاتی دەکاتەوە کە میللەت و بوونی گەل شتگەلی دابڕاوو سادەن))[28]، کەواتە هەر مرۆڤێك لە کاتێك دا هەوڵی ئەوە دەدات بگات بە حەقیقەتێك و حەقیقەت بدۆزێتەوە، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خۆی و بۆ خودی خۆی نەوەك بۆ شتگەلێك کە لەدەرەوە ئەون، چونکە ئەو شتانەی لە دەرەوەی ئەون، خۆیان هیچ مانایەك ناگەیەنن بەدەر لە بوونی ئەو، بۆیە ئەمانە ناکرێ بە حەقیقەت دابنرێن، بەوهۆیەی حەقیقەت تەواوی ماناکان لە خۆ دەگرێت ، نەوەك خۆی مانای نەبێت و شتی دیکە مانای پێ بدەن. دەتوانین لەسەر بیری گشتی هەمان بیرو ڕامان هەبێت. بیری گشت، بیری کۆمەڵگە یان میللەتە و بیری تاکە کەسێك نییە، بەڵام خودی ئەم کۆمەڵگاو میللەتانە بەدەر لە بوونێکی دیکە کە تاکە هیچ مانایەکیان نییە، تاکە میللەت و

كۆمەڵگەی لێ پێك دێت، نەك بە پێچەوانەوە، بۆیە ئەو بیرەی لە كۆمەڵگەوە دەردەبڕێ بیرێكە لە شوێنێكی ترەوە بۆی هاتووە كە تاكە، بەڵام بە رێككەوتن لەسەری بووە بە بیری گشت و بەمەش هەنگاوێك لەو حەقیقەتە دوور كەوتۆتەوە كە تاكە، بۆیە ناكرێ بیری گشت بە حەقیقەت دابنرێت.

جگە لە فیختە لە ((فەلسەفەی میسالی ئەڵمانی دا تاكێتی دەگاتە ئەوپەڕی))[29] و هەمان بیریش لای فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدەهەمی ئینگلتەرا دەبینرێ، (( (بیكۆن) پێی وابوو ئەو ئاسۆیەكی نوێی لە تیۆری كۆمەڵایەتی دەكاتەوە، بە بەدواداچوونی شێوازی خوێندنەوەیی لە لێكۆڵینەوەدا لە كۆكراوەی ئەو رونكارییە راستەقینانەی ژمارەیەكی دیاری كراوی لە تاكەكان هەیانە))[30]، (بیكۆن) لێرەدا لەبری ئەوەی كار لەسەر كۆمەڵگا بكات بۆ ئەوەی بیناسێ، كار لەسەر چەند تاكێكی دیاری كراو دەكات بۆ ئەوەی لە رێگەیانەوە كۆمەڵگە بناسێ و رێگەیەكی دروستیشی گرتۆتە بەر بۆ ناسینی شتەكان.

هزری تاك بوون لە ئینگلتەرا زیاتر پەرەی سەندو وای لێهات زۆرینەی لایەنەكانی گرتەوە (هۆبز) (( تیۆری سیاسی و رەوشتی لە سەر پێكهاتەی خودی دەروونی تاك دانا، لە كاتێك دا (لوك) بەرگری لە مافەكانی تاك دەكرد، دژی مافی لاسایی كەنیسەو خێزان و مەلیك ))[31]، لە رێگەی ئەم دوو بیرەشەوە تاك توانی دەسكەوتێكی مەزن بە دەست بێنێت. لەلایەك سیاسەتی نوێ سیاسەتێك بوو بنەماكانی لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرابوو كە تاك دەیەویست و خودی تاكەكە لەسەری دامەزراوە، لەلایەكی دیكەوە چەمكی مافی تاك لە بەرانبەر مافی ئەوانی تر لە (كۆمەڵگە ، ئایین ، خێزان ... هتد) پەیدابوون كە ئەمەش پاڵپشتیەكی چاك بوو بۆ تاك تا بتوانێ ئاشنایەتی لەگەڵ مافەكانی پەیدا بكات.

هەر لە هەمان ماوەی پەیدابوونی بیرۆكەكانی فەلسەفەی تاك، هزر و بۆچوونێكی دیكە لە ناودا هەبوو كە بە هەمان شێوەی فەلسەفەی تاك گەرایی خزمەتی بەتاك دەكرد، ئەویش سەرهەڵدان و پەیدابوونی بۆرژوازیەت بوو، یان راستتر بڵێین هەم بۆرژوازیەت خزمەتی بە تاك دەكرد و هەم تاكیش بناغەی دروست بوونی بۆرژوازیەت بوو، چونكە ((تاكگەرایی یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی سەردەمی بوژانەوە))[32] و دوای ئەویش بە شێوەیەكی چڕتر پەرەی سەند و ((لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پلە بە پلەی بۆرژوازیەتیش ئاكارە تاكیەكان و دۆزینەوە دەروونیەكان تەواو بوون ))[33] چونكە لە سەردەمی بۆرژوازی دابوو تاكەكان توانیان بچنە ناو بازاڕ و ببنە تاكێكی كارای نێو بازاڕ و بازرگانی بكەن ،لەم رووەشەوە وردە وردە لەلایەنەكانی پەریان سەند، وەكو سیاسەت و لایەنی كۆمەڵایەت. كەواتە تاك كاتێك توانی خۆی بناسێ كە بوو بە خاوەنی سەرمایەی خۆی ، چونكە بوونی سەرمایە لە هەموو ژیان دا مانای

بە دەستهێنانی دەسەڵاتە، یان لایەنی کەم دەرچوونە لە ژێر دەستی ئەوانی تردا.

کەواتە بۆرژوازیەت و تاکگەرایی یەکیان ئەوی تر تەواو دەکات، چونکە ((فەلسەفەی باو لە سەردەمی بۆرژوازیەت فەلسەفەی تاك گەرایی بوو ، رووحی بۆرژوا رووحی تاك بوو، بەرهەمی بۆرژوا بەرهەمی تاك بوو))[34] ئەم پەیوەندییەی کە لە نێوان سێکوچکەی فەلسەفەی تاك گەرایی و بۆرژوازیەت و خودی تاك دا هەبوو، وایکرد تاك بوون بە شێوەیەکی فراوان باڵ بکێشێ و بچەسپێ و تەواوی بۆچوون و لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە. لە نێو ئەدەبیاتیش دا رۆمان بەرهەمی ئەو پەیوەندی و پێویستیانەیە کەتاك لە ناو ئەدەبدا پێویستی پێیان هەبوو، بۆ ئەوەی بیکا بە دەربڕی خۆی.

## 2-2- رۆمانی جیهانی و فەلسەفەی تاکگەرایی

((تەواوی رۆمانەکان لە هەموو سەردەمێك دا خۆیان وابەستەی لوغزی (من) ))[35] کردووە، چونکە رۆمان بە پێچەوانەی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی پێش خۆی، خۆی لە لاسایی کردنەوە و پابەند بوون بە گشتەکان دوور دەگرت و ئەوەی رۆماننووس دەیبینی و هەستی پێ دەکرد و لە ناخی خۆی دا هەستی بە پێویستی گوتنی دەکرد ئەوەی دەگووت ((کەواتە هەموو رۆمان نووسێك لە رۆمانەکانیی دا تێروانینی خودی خۆیمان بۆ جیهان پێ دەڵێت))[36] بەو شێوە ژیانەمان ئاشنا دەکات کە لای ئەو پەسندە و بە چاکی دەزانێ و تێڕوانینی کەسیش لە بەردەم دیاردەکان دەردەبڕێت، ئەمەش مانای وانیە رۆماننووس خۆی لە ژیان دا دادەبڕێت، چونکە ((وێناکردنی تاکێکی دابڕاو لەو بارە کۆمەڵایەتیەی دەوری داوە و ، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەی لە وانەیە بە کەسانی دیکەی ببەستێتەوە و پشتیان پێ دەبەستێ لە گیان و لە بوون دا، کارێکی مەحاڵە))[37] و رۆمانیش لە گەڵ ئەوەدا نییە. هەموو ئەو شتانەی رۆمان باسیان دەکات لە ژیان دا هەن و شتێك نییە رۆمان باسی بکات و سەرەداوێکی لە ژیان هەستی پێ نەکرێت، بەڵام رۆماننووس دێ بە خەیاڵ و تێڕوانینی خۆی لەو پەیوەندیانە دەڕوانێ کە هەر تاکێك هەیەتی . واتە رۆمان بەگشتی لە شتە گشتی یەکان نادوێت، بەڵکو بە بۆچوونێکی تاك گەرایانە لە شتە تایبەتەکان و گشتەکانیش دەڕوانێت و زۆر بە وردیش دەچێتە ناو بنج و بناوانی هەموو دیاردەکان، لێرەوەیە دەتوانین ئەوە بڵێین کە رۆمان بەرهەمێکی سەرەڕۆ و رووکار ئامێز نییە، بەڵکو بەرهەمی وردەکارییەکانە.

کەواتە رۆمانیش ئیش لەسەر ئەو پەیوەندیانە دەکات کە تاك بە گشت دەبەستێتەوە هەروەك لۆکاش دەڵێت ((نموونە ، کەناڵێکی تایبەتە کە هەم دەربارەی کاراکتەران و هەم دەربارەی پێگەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانی تایبەت بە گشتەوە دەبەستێتەوە))[38]، بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ ئەو نموونانەی رۆمان نووس لە ژیان دا وەریان دەگرێت و لە رۆمانەکەی دەیانخاتە روو نموونەی گشتی نین، بەڵکو بە تەواوی تاکین ،

بەلاّم لەبەر ئەوەی نموونەكان بە تەواوی و كت و مت لە هەلّكەوت وەرناگیرێن و كۆمەلّێك خەسلّەتی خەیالّی لەگەلّ نموونەكان تێكەلّ دەكرێت كە رەنگە لە خەلّكانی جیاوازدا هەبن، بۆیە دەكرێ كۆمەلّە تاكێك هەمان ئەو خەسلّەتانەی ئەو تاكە هەیەتی ئەوانیش لە خۆیان دا ببیننەوە . ئەگینا مەبەستی رۆمان نووس ئەوە نییە لە گشت بدوێ و پێكهاتە و سروشتی رۆمانیش لەگەلّ ئەوەدا ناگونجێ. لێرەدا ئەو جیاوازیە گەورەیەی نێوان رۆمان و ژانرە ئەدەبییەكانی پێشوومان بۆ بە دیار دەكەوێت، لەوێ دا تاك دەبوایە لە گشت دا بەدوای خۆی دا بگەڕێ، بەلاّم لە رۆمان دا بە پێچەوانەیە. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو فەلسەفەیەی كە دیكارت باوەڕی پێی هەبوو ((لە دیكارتەوە رۆمان شەرعیەتی فەلسەفی خۆی وەرگرت))[39] و خزمەتی هەمان ئەو (من) ەی كرد كە رۆمان خۆی خستبووە خزمەتی. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ كە رۆمان فەلسەفەیە یان رۆمان نووس بووە بە فەیلەسوف، بەلاّم رەتی بوونی پەیوەندیش ناكاتەوە لە نێوان فەلسەفە و رۆمان دا ((رۆمانی نوێ پەیوەندییەكی پتەوی لەگەلّ تیۆری زانیاری هەلّكەوتی سەردەمی نوێ دا هەیە))[40]و باوەڕی تەواویشی بە بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانە هەیە كە لەلایەن تاكەوە بەدەست دێن و تاك بە تاقیكردنەوە پێیان گەیشتووە. لەو سۆنگەیەوە دەكرێ بلّێین رۆمان بریتی یە لە دەربڕینی كۆمەلّێك زانیاری كە تاكێك یان چەند تاكێك بە رێگای تاقیكردنەوە پێی گەیشتوون یان دەیانەوێ پێی بگەن، بۆیە هەر رۆمانێك دەخوێنینەوە بەدەر نییە لە بەخشینی زانیاری و نیشان دان و بەرجەستەكردنی كۆمەلّێك دیاردە كە تاكێك پێیانەوە ئالّودە بووە یان بوونەتە هۆی خۆش گوزەرانی.

ئارنولد كیتل دەلّێت: ((مێژووی رۆمان مێژووی گەڕانی رۆماننووسانە بەدوای فەلسەفەی ژیان))[41]، بۆیە لە ناو رۆمان دا تەواوی پێكهێنەرەكانی ژیان دەبینینەوە، لەژیانی دەسەلاّت دارانەوە تا ژیانی هەژارترین تاكی كۆمەلّگە، لەشەڕەوە تا ئاشتی و لە ژیانی گیان دارێكی بچووكەوە تا دەگات بەو كارەساتانەی كە بەسەر مرۆڤایەتی دا هاتوون و بیر چوونەوەیان كارێكی ئاستەنگ لەبەرە. ئەمەش ئەركی رۆمانی قورستر كردووە، چونكە رۆمان خۆی كردووە بە دەربڕی تەواوی ژیان ، بۆیە پێویستە لە ئاست ئەو پێویستیانە دا بێت كە تاك لە ژیان دا هەیەتی و وەلاّمی تەواوی ئەو پرسانەش بداتەوە كە لە ژیان دا لای تاك دروست دەبن .

((رۆمان – یەك بەدوای یەك – بە رێگای تایبەتی خۆی تەواوی لایەنە جیاوازەكانی بوونی دۆزیەوە))[42]، لێرەدا پەیوەندی لە نێوان رۆمان و فەلسەفەدا پتەو تر دەبێت، چونكە ئەركی فەلسەفە ئەوەیە بەدوای بوون دا بگەڕێت و بوونمان پێ بناسێنێ و ئەوەمان لا روون بكاتەوە كە بوون چییە. بە هەمان شێوە رۆمان لە ژیان دا بەدوای بوون دا دەگەڕێت و ئەویش دەیەوێ

بوون و ماهیەتی شتەکان بدۆزێتەوە و لێیان بدوێت. بەلاّم ئەو بوونەی رۆمان تارادەیەك جیاوازی هەیە لەگەلّ فەلسەفەدا، چونکە ئەو بوونانەی لە فەلسەفەدا باسیان دەکرێ، چ لە رێگەی ئایدیالەوە و چ لەرێگەی فەلسەفەی ماتریالی بوونێك هەن و فەلسەفە دێت و دەیان دۆزێتەوە، یان راست تر بلّێین هەمان ئەو بوونانەی فەلسەفە باسیان لێوە دەکات، رۆمانیش بە شێوە و تێگەیشتنی خۆی باسیان دەکات. هەروەها رۆمان باس لە بوونگەلێکی تریش دەکات کە لە ئایندا دروست دەبن یان دەکرێت دروست ببن. لە رۆمان دا سەرەڕای ئەو جیهانەی کە لە هەلّکەوت دا هەیە و رۆماننووس بە شێوازی خۆی دەیگوازێتەوە ناو رۆمان، جیهانێکی دیکە یان بوونێکی دیکەش باس دەکرێ کە رۆماننووس دەخوازێ بونەکان بەم جۆرە بن، یان دەکرێ بوونەکان و ژیان رۆژێك بەو جۆرەیان لێ بێت کە رۆماننووس دەیەوێت و لێی دەدوێت ئەوەشە مەودای بیرکردنەوەی رۆماننووسی لە مەودای بیرکردنەوەی ئەوانی تر فراوانترکرووە، چونکە رۆمان بۆی هەیە باس لە هەموو (ئەوانی تر) بکات وباس لە خۆشی بکات، بەلاّم ئەوانی تر ناتوانن رۆمان لە خۆ بگرن، بۆیە رۆمان ((شوێنی هزری جاویدانی گرتۆتەوە، ئەو هزرەی کە قەرەبوەکە هەمیشە نوێ دەبێتەوە))[43]، چونکە لە سەردەمەکانی پێشووتری بەر لە سەرهەلّدانی بیری تاك گەرایی کۆمەلّێ بوونی نەبڕاوە بیری تەواوی خەلّکی داگیر کردبوو، پێیان وابوو ئەمانە تاکە حەقیقەتی راستەقینەی جیهانن و نامرن ، بەلاّم رۆمان هات چەمکی ئەبەدییەتی نەگۆڕی گۆڕی بۆ ئەبەدیەتی گۆڕاو بەمەش شوێنی مردنی گرتەوە، چونکە ئەو لە بری ئەوەی لە رێگای نەگۆڕانی شتەکان ئەبەدیەتیان پێ ببەخشێ هات لە رێگەی گۆڕانی شتەکانەوە ئەمەی پێ بەخشین.

رۆمان وەك ئەوەی لەگەلّ هزر و بیر دا تەبایە، بەهەمان شێوە لەگەلّ دەروونی مرۆڤیش تەبایی هەیە ، رۆمان ((بریتی یە لە دەربڕینی گفتو گۆی سوکراتیی تایبەت بە سەردەمی ئێمە))[44]، سوکرات تەواوی فەلسەفەکەی خۆی لە رێگەی گفت و گۆ کردن لەسەر هەر بابەتێك دەردەبڕی. رۆمانیش بە هەمان شێوە گفت و گۆی تێدایە کە لە رێگەیەوە ئێمە بە ناخ و دەروونی کاراکتەرەکان ئاشنا دەبین، ئەمەش هەر لە سەرەتای نووسینی رۆمان کاری رۆمان بووە ((ریچاردسۆن رۆمانی لە سەر شێوەی دۆزینەوەی ژیانی ناوخۆیی مرۆڤ نووسی))[45] و ئەمەش بوو بە بەرنامە بۆ ئەوەی تەواوی رۆماننووسانی دیکەی دوای ئەو لەسەر هەمان پەیڕەو بڕۆن ((هەموو رۆمانەکان لەو تایبەتمەندیەدا هاوبەشن بەتێڕوانینی جیاواز رووەو دەروونی تاك و هەستە تایبەتەکان و دۆزینەوەی روحی ئادەمزادی و دابەشکردن و شیکاری ورد و قولّی کەسەکان رۆیشتوون))[46]، رەنگە رۆماننووسەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆك نەبن کە دەروونی مرۆڤ بە باشی نیشان بدەن، یان رەنگە هەندێکیان

حوكم دانیان لە سەر باشی یان خراپی مرۆڤ دا نەبیّ، بەلاّم هەموویان مەبەستی ئەوەیان هەیە لە دەروونی مرۆڤ بدوێن، چونكە وەك گوتمان رۆمان ژانرێكە بە دوای بوون دا دەگەڕێ و دەیەوێ شتە پەنهانەكان بدۆزێتەوە. دەروون و ناخی مرۆڤیش وەك یەكێك لە پەنهانترین شوێنەكان، بووە بە جێی بایەخی رۆمان و رۆماننووسان و ئەوان دەیانەوێ لە رێگەی رۆمانەوە هەموو ئەو شتانە بلێن كە لە ناخی مرۆڤ دا پەنگیان خواردۆتەوە، و هەموو ئەو جوانیانە بێننە دەرەوە كە لە ناخی مرۆڤ دا هەن . چونكە وەك ئەوەی لە جیهانی دەرەوە ململانێ لە نێوان دژەكان دا بەدی دەكرێ، لە ناخ و زەینی مرۆڤیش دا هەمان ململانێ هەیە، بۆیە مەرج نییە لە ناو ناخی مرۆڤ دا تەنیا بیرۆكە و شتی چاك هەبن، یان مەزەندەی ئەوە بكەین رۆمان تەنیا شتی باشمان لە بارەی دەروونی مرۆڤەوە پێ بلێ، بێگومان ئەگەر وا بیر بكەینەوە ئەوا بە هەڵە دادەچین، چونكە پێشتر گوتمان كە رۆمان لە ئەنجامی دژەكانەوە دروست دەبێت ، بۆیە ناكرێ چاوەڕوانی ئەوە بكەین رۆمانێكمان بۆ بنووسرێ تاك لایەن و تاك كردار و تەنیا باسی لایەنێكی دەروونیمان بۆ بكات، لێرەدا رۆمان بە تەواوی كونج و لایەنە پەنهانەكانی دەروونی مرۆڤ دا دەچێتە خوارەوە و ئەمەش لە توانای رۆمان بەدەر نییە، چونكە رۆمان ((توانایەكی بێ وێنەی لە دۆزینەوەی قوڵایی كەسەكان و پەیوەندییە كەسیەكان دا هەیە))[47] ئەمەش جۆرێكە لە تایبەتمەندی رۆمان كەبە باشترین شێوە توانای وێناكردنی دەروونی مرۆڤی هەیە. كونستاین فیدین دەڵێ: ((لە ئەدەب دا ژانرێك نییە روحی مرۆڤایەتی بەو شێوە بێ كۆتاییە لە بارەی بوونی مرۆڤ بەو گشتگیریەی رۆمان لەخۆ بگرێ))[48]لێرەدا رۆمان دەچێتە ناو گشتەكان، بەلاّم نەك گشتگیری لە رووی هزر و بیركردنەوەدا، بەڵكو لە رووی توانا شكان بە سەر تەواوی ئەو شتانەی لە ناخی مرۆڤ دا هەن و خستنە روو و باسكردنی هەموو ئەو شتانەی لە ناخی مرۆڤ دا هەن و رەگەزە ئەدەبییەكانی دیكە دەستە وەستان بوون لە خستنە رو و باسكردنی. لەو رێگەیەشەوە رۆمان كۆمەڵێ نهێنی بە خوێنەرەكە دەڵێ، كە رەنگە هەندێكیان لە خودی خۆی دا هەبن و هەندێكی دیكەشی بۆ رون ببنەوە ((ئەو پرەنسیپەی كەواشی لە رۆمانكردووە ئەو سروشتە مرۆییەی هەبێ، پرەنسیپی روانینە لە شتەكان بە تێڕوانینی خودی))[49]، كەواتە ئەگەر رۆمان لە روانینێكی خودیەوە سەیری شتەكانی نەكردبا، ئەوا نەیدەتوانی لە ناخ و دەروونی مرۆڤ بدوێ، چونكە ناكرێ تۆ بە بیرۆكەیەكی گشتی قسە لەسەركرۆكی تاك بكەی كە دەروون و زەین و ناخیەتی.

ئەم خەسڵەتەی رۆمانیش زیاتر لە هەڵكەوتی نزیك دەكاتەوە، چونكە بە ((هەڵبژاردنی پاڵەوان و كەسە سەرەكیەكانی لە نێو ژیانی كۆمەڵەكەوە))[50] پتر روو دەچێتە ناو ناخی كۆمەڵ و ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ تاكەكانی دەبێ، لێرەدا دووبارە دەگەڕێینەوە سەر ئەو

پەیوەندییەی کە لە نێوان تاك و کۆمەڵگە و ڕۆمان دا هەیە. ((مەحاڵە بتوانین وەسفی پێشکەوتنی کەسێك بکەین –کەئەمەش لە گرنگترین ئەو بابەتانەیە کە ڕۆمانی کلاسیکی لەخۆی دەگرێ– بێ ئەوەی باسی دەستەیەك لە کۆمەڵگە بکەین))[51]، بەلاّم کۆمەڵگە لە ڕوانگەی بوونی ئەو پەیوەندیانەوە باسی لێوە دەکرێ کە لەگەڵ تاك دا هەیەتی. هەروەها ئەگەر وەسفکردنەکە وەسفکردنێکی دەروونی بێت – هەروەك لە هەندێك ڕۆمان دا هەیە– ئەوا هیچ پێویستییەك بۆ باسکردنی بوونی کۆمەڵگە لە ئارادا نییە، بەلاّم ئەگەر وەسفەکە دەرەکی بێ و وەسفی ژیانی ڕۆژانە و دەرەوەی کارەکتەری سەرەکی یان هەر کارەکتەرێکی دیکە بکا ، ئەوا لەو کاتەدا باسکردنی دەبێتە کارێکی پێویست، ڕۆمان ((ورد ورد چۆتە بنج و بناغەی ژیانی بنیادەمی ئاساییەوە و ئەو شتە بە لایەوە هێندە پڕ بایەخە دەبێ نیشانی خوێنەری بدات))[52]

لە ناو ڕۆماندا تەواوی شتەکان وەکو یەك بایەخیان هەیە، هەموویان پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و ئەوەی پەیوەندیشی بە مرۆڤەوە هەبێ لە ڕۆمان دا گرنگی خۆی هەیە. کەواتە ڕۆمان هەم پەیوەندی لەگەڵ تاك دا هەیە و هەم لەگەڵ کۆمەڵ، بەلاّم تێڕوانینی بۆ هەردووکیان تێڕوانینێکی تاکگەراییە.

لە ناو ڕۆمان دا چەند تایبەتمەندیێك هەن کە لە خزمەتی زیاتر بە دیارخستنی بیری تاك دان ، یان بیری تاك چەند خەسڵەتێکی بە ڕۆمان بەخشیون تا خزمەتی خۆی پێ بکات، لەوانە بوونی ناوی تایبەتی کە لە ناو ڕۆمان دا هەر کەسێك خاوەنی ناوی تایبەتی خۆیەتی ((ناوە تایبەتیەکان یەك شت دەهێننە زەینەوە، بەلاّم ناوە گشتییەکان شتی جۆراوجۆر دەهێننە زەینەوە))[53]و هەر گوتەیەك کە لە لایەن ناوێکی تایبەتیەوە دەر ببڕێت، ئەوا قسەی ئەوە و کەسایەتی ئەومان پێ دەناسێنێ و ناخ و زەین و دەروونی ئەو دەردەبڕێت.

هەروەها لە ڕۆمان دا کات و شوێن دیاریکراون و بە شێوەیەك بە وردترین شێوە ئەم دوو توخمە مەزرێنراون((سەرهەڵدانی ڕۆمان،بە مانایەك،دابڕان بوو لەو چەمك و بیرۆکە میتافیزیکیانەی کە مرۆڤی بەردەوام لە شوێنکاتی خۆی جیادەکردەوە لەکەش و هەوایەکی تەجریدی دەیکردە هەوێن و دەسمایەی بەرهەمی ئەدەبی))[54]، چونکە ئەگەر هەر بابەتێك لە کات و شوێن دابڕا ئەوا دەبێتە بابەتێکی گشتی و دەکرێ بڵێین بە هۆی نادیاری سەردەم و شوێنەکەی لەگەڵ هەموو شوێن و سەردەمێکدا دەگونجێ، هەروەك جۆن لوك دەڵێ: ((هزرەکان بە گشتی دەمێننەوە ئەگەر لە هەردوو دەمکاتی کات و شوێن دامانبڕین))[55]لە بەر ئەوەی کات و شوێن پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە و بەیەکەوەش پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆمان دا هەیە.

## 2-3- ڕۆمانی کوردی و فەلسەفەی تاکگەرایی

لە باسی بیری داستان دا لەسەر ئەوە دواین کە بیری داستانی کوردی تارادەیەك جیاوازە لەو بیرەی کە لە داستانی جیهانی دا هەیە ، چونکە لە داستانی کوردیدا و بە پێچەوانەی داستانی جیهانی مەسەلەی نەتەوایەتی هەر زوو کەوتۆتە ناوەوە و باشترین نموونەش (مەم و زین) ی خانییە.

لە رۆمانیش دا بە هەمان شێوەیە، ئەگەر بیری تاك و فەلسەفەی تاکگەرایی لە ئەورووپا هۆکاری پەیدابوونی رۆمان بن، یان رۆمان رەنگدانەوەی ژیانی ئەو تاکانە بێت کە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و (من) یکیان هەیە کە هەمووشتەکان لەو (من) ەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوە لای ئێمەی کورد بابەتەکە لایەنی کەم لەسەرەتای سەرهەڵدانی رۆمان بەو شێوەیە نەبووە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدابێ و دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ لە دەرچوونی رۆمانی کوردی، تاکی کورد تاکێکی شەرمنە و زۆر کەم (من) ی بەسەر زاردا دێ، یان چاکتر بڵێین زۆر بەکەمی تاکێکی کورد دەدۆزینەوە بڵێ(من) وادەکەم ، یان بڕیارم داوە وا بکەم، تا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی و تاکی کورد بە عەقلێکی مێگەلی دەژین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ناو کورددا فەلسەفەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگەو تاکی کوردی نییە بۆ ئەوەی رێڕەوی ژیانی خۆی لەسەر ئەم فەلسەفەیە دیاربکا، یان لەرێگەی فەلسەفەکەیەوە گەیشتبێتە کۆمەڵێك حەقیقەت بۆ ئەوەی ئەو حەقیقەتانە بکا بە پرەنسیپی ژیانی خۆی.

کەواتە ژانری رۆمان ژانرێکی ئەورووپیەو لە کلتور و هزری ئەورووپی دا سەری هەڵداوە لای ئێمە تەنیا وەکو لاسایی کردنەوەیەك ئەم ژانرە هاتۆتە بەرهەم، بەڵام ئەوەندە هەیە –وەك پێشتر روونم کردەوە– کاتی لاسایی کردنەوەی بەرهەمەکە لە ناو کورددا تا رادەیەك لەبار بوو ئەگەرچی دوای ماوەیەکی زۆر ئەم ژانرە بە تەواوی لەناو کورددا چەسپا.

تاکی کورد زۆرینەی هەرە زۆری کاتەکانی بە ژێر دەستی و ئاڵۆزی بارودۆخ و جەنگ و تێکۆشان بەسەر بردووە ، ئەمانە هیچیان بەتەنیا بە تاکە کەسێك ناکرێن، بۆیە تاك بە ناچاری داوای یارمەتی لە ئەوانی تر کردووە ، لێرە پێویستیی ژیانی دەستە جەمعی و بە کۆمەڵ زۆر زیاتر بووە لەوەی کە تاك بە تەنیا بژیێ ، یان تەنیا پشت بە خۆی ببەستێ. ئەمەش بۆتە هۆی زاڵبوونی بیری گشتی بەسەر بیری تاك، چونکە تاکی کورد نەخۆی خاوەنی فەلسەفەیەك بووە بۆ ژیان، نە پێویستی ژیانیشی وای لێکردووە تاك بێ زیاتر لەوەی وەك گشت بیر بکاتەوە رەفتار بکات.

لە کۆمەڵگەی کوردی و لە خێزانی کوردیدا هەموو شتەکان لەسەرەوە دێن، واتە هەمیشە دەسەلاتێك هەیە پێمان دەڵێ ئەمە بکە و واز لەمە بێنە. لێرەدا تاك وەکو جێبەجێکارێکی ئەم فەرمانانە رەفتار دەکات نەك وەکو سەنتەری فەرمان دەرکردن و رەفتارکردن، بۆیە سیستەمی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا سیستەمێکی شاولییە لەبری ئەوەی ئاسۆیی بێ، ئەمەشە

هۆكاری درەنگ سەرهەڵدان، یان دواكەوتنی جێگیربوونی ڕۆمانی كوردییە. خەسڵەتی ڕۆمان ئەوەیە دەسەڵات ئاسۆیی بێ بۆ ئەوەی ڕۆمان بتوانێ لە هەر شتێك و هەربابەتێك بدوێ كە ئەو دەیەوێ، واتە ڕۆمان ناتوانێ ئەو كارە بكات كە داستان دەیكرد، چونكە داستان زۆر بە سادەیی لە خزمەت ئەقڵی گشت دابوو، ئەقڵی گشتیش چینی سەرەوەی كۆمەڵ بەرێوەی دەبرد، بەڵام ڕۆمان نایەوێ جگە لە خزمەتی تاك خزمەتی هیچ بیرۆكەیەكی تر بكات، ئەگەریش هەوڵی ئەمە درابێ ئەوا سەركەوتوو نەبووە.

لەسەردەمی ئێستادا تارادەیەك تاكی كوردی ((وای لێهاتووە لەگەڵ ڕووداوەكان رادێ و گونجانی زیاتری لەگەڵ ڕۆمان دا هەیە و ڕۆمانیش بە دوای تاكی كوردو خەمەكانی مرۆڤی كوردا دەگەڕێ))[56]، بەڵام ئایە ڕۆماننووسی كورد تا چەند توانیویەتی بەرجەستەی تاكی كورد بكات لە ناو ڕۆمانەكانیدا و تا چەند رووچۆتە نێو ناخی تاكی كورد؟

(بەختیار عەلی) دەڵێ: سەرنەكەوتنی نووسەری كورد لە بە نموونە هێنانەوەی پاڵەوانەكەی یان خستنە رووی پرسیاری هزری ترسناك لە رێگە دەقەوە، بەڵگەیەكی یەك لا كەرەوەیە لەسەر گەشەنەكردنی باری- من بیر دەكەمەوەی- ی دیكارت))[57]، كەواتە ڕۆمانوسی كورد هێشتا ناتوانێ وەكو (من)ی دیكارت بیر بكاتەوە، لە كاتێكدا ڕۆمانەكانی هەموو جیهان لەسەر بیركردنەوەی (من) ی ئەو دروست بوون، بۆیە ڕۆماننووس پێویستە بەر لەوەی بابەت یان ڕووداوی بۆ ڕۆمان نووسین هەبێ، پێویستە هزری ڕۆماننووسین و هزری خوێندنەوەی تاكەكانی لە رێگای ڕۆمانەوە تێدا بێ.

ئەنجام

1- لەناو كورددا داستان بەرهەمێكە لە ناو خودی میللەت و گەلدا سەرچاوەی گرتووە و هەڵقولاوە تا ڕادەیێكی زۆریش پەیوەندی بەو بیرورِا گشتییانەوە هەیە كە چ لەرووی كۆمەلایەتی یان ئایینی لەناو كورددا باوبوون.

2- ڕۆمانی كوردی بەرهەم و دەركەوتەی فەلسەفەی تاكگەرایی نییە، چونكە لەو سەردەمەی ڕۆمانی كوردی تێیدا سەری هەڵداوە، بیری تاكگەرایی هێشتا لەناو كورد بلاو نەبۆتەوە.

3- هەرچەندە بەر لە داستانی كوردی داستان لەناو نەتەوەكانی دیكەدا هەبوو، بەڵام داستانی كوردی زادەی كۆمەڵگەی كوردییە، لەبەرانبەردا ڕۆمان تارادەیێكی زۆر بەلاساییكردنەوەی ئەدەبی ئەورووپی لەناو ئەدەبی كوردیدا سەریهەڵداوە.

## پەراویزەكان

1- كۆمەڵێك نووسەری بیانی (2003) ، تیۆری رۆمان ، وەرگێرانی فارسی حسین پاینده – وەرگێری كوردی محەمەد كەریم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ؟ ، سلێمانی ، ل[18]

2- جورج طومسون- فلاديمير دنيبروف (1974) ، دراسات الماركسية في الشعر والرواية ، الدكتور ميشال سليمان ، دار القلم ، مطبعة راى الجديد ، الطبعة الاولى ، لبنان – كانون الثانى ، ص[187]

3- جمال مير صادقى (1383)، ادبياتى داستانى ، ضاث ضهارم ، انتشارات علمى ، ضاثخانة بهمن ، تهران ، بهار، ل[399]

4- لطفي الخوري ، في العلم التراث الشعبى (الموسوعة الصغيرة 40)، ص[85]

5- ميشال بوتور (1971)، بحوث في الرواية الجديدة ، ترجمة فريد انطونيوس ، الطبعة الاولى ، منشورات عويدات ، المطبعة التجارية ، بيروت- لبنان، ص[77]

6- على بو ملحم ، فى الآدب وفنونه، ص[37]

7- ف.م جيرنومسكى (2000)، الدراسات الادبية المقارنة ، نقلها عن الروسية د. عزالدين مصطفى رسول ، الجزء الاول ، السليمانية ، ص[287]

8- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل[287]

9- گئورگ ويلهلم فريدريش هيگل ، درس گفتارهايى پيرامون فلسفه زيبا شناسى، ل[242]

10- ايان وات ، ظهور الرواية الانجليزية، ص[22]

11- تئودور نولدكة ، حماسة ملى ايران ، بزرط علوى، ل[173]

12- ا. م تليارد (1985)، روح الملحمة ، فلاح رحيم ، مجلة الثقافة الاجنبية ، عدد 4 السنة الخامسة، ص[115]

13- جورج لوكاش (1978)، الرواية التاريخية ، د. صالح جواد الكاظم ، منشورات وزارة الثقافة والفنون ، دار الطليعة للطباعة والنشر ، الجمهورية العراق ، ص[124]

14- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل[123]

15- الدكتور محمد غنيمى هلال ، النقد الادبى الحديث ، ص[92]

16- ميخائيل باختين ، الملحمة و الرواية ، د. جمال شحيد ، ص[60]

17- اينجل مدنيا ، الملاحم والرواية ، عباس العوينى ، ص[48]

18 ف.ف. كوزينوف ، الرواية ملحمة عصر الحديث ، جميل نصيف التكريتى ، ص[30]

19- خالید جوتیار و ئەوانی تر ، فۆلكلۆر ، بەشی یەكەم ،؟ ، چاپخانەی الحوادث ،هەولێر – 1984 ، ل[9]

20- دكتۆر مارف خەزنەدار (2002)، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی دووەم،چاپی یەكەم ، دەزگای ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ل[344]

22- موختار كەریم راسان (1997)، ستراتیجیەتی گەرانەوە لای خانی ، گۆڤاری رامان ، ژمارە 14 ، ل[36]

23- احمد ابراهيم هواري، البطل المعاصر في الرواية المصرية، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد-1976، ص28

24- احمد ابراهيم هوارى (1976)، البطل المعاصر في الرواية المصرية ، منشورات وزارة الثقافة والاعلام ، دار الحرية لطباعة ، ص[28]

25- ارنولد كيتل ، مدخل الى الرواية الانجليزية ، ترجمة هانى الراهب ، المجلد الاول، ص45

26- الدكتور جهاد عطا نعيسة ، في المشكلات السرد الروائى ، لة ئةنتةرنيتةوة وةرطيراوة لاثةرةى نيية.

27- ايان وات ، ظهور الرواية الانجليزية، ص[12]

28- الدكتور جهاد عطا نعيسة ، في المشكلات السرد الروائى ، لة ئةنتةرنيتةوة وةرطيراوة لاثةرةى نيية

29- ف .تشيتشيرن ، الافكار والاسلوب ، دكتور حياة شرارة ، دار الشؤون الثقافية عامة ، ؟ ، العراق – بغداد ، ص[72]

30- جورج طومسون- فلاديمير دنيبروف (1974)، دراسات الماركسية في الشعر والرواية ، الدكتور ميشال سليمان ، دار القلم ، مطبعة راى الجديد ، الطبعة الاولى ، لبنان ، ص[187]

31- ف .تشيتشيرن ، الافكار والاسلوب ، دكتور حياة شرارة ، دار الشؤون الثقافية عامة ، ؟ ، العراق – بغداد ، ص[70]

32- محمد كامل الخطيب، الرواية واليوتوبيا، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا-دمشق،1995، ص51

33- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل[73]

34-محمد كامل الخطيب (1995)، الرواية واليوتوبيا ، دار المدى للثقافة والنشر ، ؟ ، سوريا – دمشق، ص[51]

35-جمال مير صادقى ، ادبياتى داستانى ، ص[400]

36- احمد ابراهيم هوارى ، البطل المعاصر في الرواية المصرية ، ص[28]

37-ميلان كونديرا (2001)، فن الرواية ، د . بدرالدين عرودكى ، المجلس الاعلى للثقافة ، مطابع مجلس الاعلى للآثار ،؟ ، ص[21]

38- والتر الن ، ا الرواية الانجليزية ، ترجمة ،صفوت عزيز جرجيس ، ص[9]

39- احمد ابراهيم هوارى ، البطل المعاصر في الرواية المصرية ، ص[28]

40- سیروس پرهام ((دكتۆر میترا)) (2000)، كاراكتەرسازی ریالیستی لە رۆمان و چیرۆكی كوردتدا ، لە فارسیەوە ، حەم كەریم عارف ، گۆڤاری رامان ، ژمارە 44 ، ل[158]

41- محمد كامل الخطيب (1995)، الرواية واليوتوبيا ، دار المدى للثقافة والنشر ، ؟ ، سوريا – دمشق ، ل[42]

42- ارنولد كيتل ، مدخل الى الرواية الانجليزية ، ترجمة هانى الراهب ، المجلد الاول ، ص31

43- ميلان كونديرا ، فن الرواية ، د . بدرالدين عرودكى ، ص[8]

44- ر . م . البيريس ، تاريخ الرواية الحديثة ،جورج سالم ، ص[8]

45- ف.ف. كوزينوف ، الرواية ملحمة عصر الحديث ، جميل نصيف التكريتى ، ص[96]

46- ميلان كونديرا ، فن الرواية ، د . بدرالدين عرودكى ، ص[22]

47- جمال مير صادقى ، عناصر داستان ، ص[401]

48- د . مكارم الغمرى ، الرواية الروسية فى القرن التاسع عشر ، ص[12]

49- اشرف على جمعها اسكل بلوك-هيرمان سالنجر ، الرؤيا الابداعية ، اسعد حليم ، راجعة د. محمد مندور، ص[121]

50- عادل مەجيد محەمەد گەرميانى ،رياليزم لە رۆمانى كوردى هاوچەرخ دا، ل[16]

51- ميشال بوتور ، بحوث في الرواية الجديدة ، ترجمة فريد انطونيوس ، ص[85]

52- ئيڤور ئيڤانس ، رۆمانى ئينگليزى لەسەرەتاوە تا زەمانى دانيا ديڤۆ ، موحەممەد رەمەزانى، ل[89]

53- كۆمەڵێك نووسەرى بيانى ، تيۆرى رۆمان ، وەرگێڕانى فارسى حسين پاينده – وەرگێڕى كوردى محەمەد كەريم ، ل[23]

54- عەبدولخالق يەعقووبى (2005)، دەنگى بلوورينى دەق ، بەڕێوبەرايەتى گشتى چاپ و بلاْوكردنەوە لە وەزارەتى رۆشنبيرى،چاپخانەى راز،سلێمانى، ل[75]

55- الدكتور جهاد عطا نعيسة ، في المشكلات السرد الروائى ، اتحاد الكتاب العرب،www.awu-dam.org

56- نورى بطرس (2003)، مسارات فى القصة والرواية الكردية، دار ادى شير ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل-كوردستان العراق، ل[39]

57- عبدالرحمن باشا،الروايه الكرديه ، ص[63]

## سەرچاوەكان


### سەرچاوە بەزمانى كوردى

1. خاليد جوتيار و ئەوانى تر (1984)، فۆلكلۆر ، بەشى يەكەم ،؟ ، چاپخانەى الحوادث، هەولێر .
2. عادل مەجيد محەمەد گەرميانى (1996)،رياليزم لە رۆمانى كوردى هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەى ماجستێر،كۆلێجى پەروەردە-ئبن روشد، زانكۆى بەغدا.
3. عەبدولخالق يەعقووبى(2005)، دەنگى بلوورينى دەق ، بەرێوبەرايەتى گشتى چاپ و بلاْوكردنەوە لە وەزارەتى رۆشنبيرى،چاپخانەى راز،سلێمانى.
4. كۆمەڵێك نووسەرى بيانى(2003) ، تيۆرى رۆمان ، وەرگێڕانى فارسى حسين پاينده – وەرگێڕى كوردى محەمەد كەريم ، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، ؟ ، سلێمانى .
5. دكتۆر مارف خەزنەدار(2002)، مێژووى ئەدەبى كوردى ، بەرگى دووەم،چابى يەكەم ، دەزگاى ئاراس ، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە ، هەولێر.

### گۆڤار و رۆژنامەكان

### أ- گۆڤارو رۆژنامە كوردييەكان

1. ئيڤور ئيڤانس ، رۆمانى ئينگليزى لەسەرەتاوە تا زەمانى دانيال ديڤۆ، موحەممەد رەمەزانى، گۆڤارى سەردەم، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، ژمارە (2)، سالّى يەكەم، نيسانى 1999.
2. سيروس پرهام ((دكتۆر ميترا)) ، كاراكتەر سازى رياليستى لە رۆمان و چيرۆكى كورتدا ، لە فارسيەوە ، حەم كەريم عارف، گۆڤارى رامان ، ژمارە 44 ، 5 ى شوباتى 2000 .
3. موختار كەريم راسان ، ستراتيجيەتى گەرانەوە لاى خانى ، گۆڤارى رامان ، ژمارە 14 ، 25 ئاب 1997.

### سەرچاوە بەزمانى عەرەبى

1. احمد ابراهيم هوارى(1976) ، البطل المعاصر في الرواية المصرية ، منشورات وزارة الثقافة والاعلام ، دار الحرية لطباعة ، بغداد .
2. ارنولد كيتل (1977)، مدخل الى الرواية الانجليزية ، ترجمة هانى الراهب ، المجلد الاول، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، المجلد الاول، مطبعة وزراة الثقافة، دمشق.
3. اشرف على جمعها اسكل بلوك-هيرمان سالنجر (1996)، الرؤيا الابداعية ، اسعد حليم ، راجعة د. محمد مندور، مكتبة نهضة مصر، دار نهضة مصر للطبع والنشر، مصر.
4. ا. م تليارد(1985) ، روح الملحمة ، فلاح رحيم ، مجلة الثقافة الاجنبية ، عدد 4 السنة الخامسة.
5. ايان وات (1980)، ظهور الرواية الانجليزية، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، منشورات دار الجاحظ للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد.
6. الدكتور جهاد عطا نعيسة ، في المشكلات السرد الروائى ، اتحاد الكتاب العرب،www.awu-dam.org

7. جورج طومسون- فلاديمير دنيبروف (1974)، دراسات الماركسية في الشعر والرواية ، الدكتور ميشال سليمان ، دار القلم ، مطبعة راى الجديد ، الطبعة الاولى ، لبنان.
8. جورج لوكاش (1978)، الرواية التاريخية ، د. صالح جواد الكاظم ، منشورات وزارة الثقافة والفنون ، دار الطليعة للطباعة والنشر ، الجمهورية العراق .
9. ر . م . البيريس (1982)، تاريخ الرواية الحديثة ،جورج سالم ،منشورات بحر المتوسط و منشورات عويدات، الطبعة الثانية، بيروت- باريس.
10. عبدالرحمن باشا(2003)،الرواية الكردية، دار اراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الاولى، دار البيضاء- مغرب.
11. على بو ملحم (1970)، فى الآدب وفنونه، المطبعة العصرية للطباعة والنشر، صيدا، لبنان.
12. ف.ف. كوزينوف(1986) ، الرواية ملحمة عصر الحديث ، جميل نصيف التكريتى ، الطبعة الثانية، دار الشؤوون الثقافية العامة، بغداد.
13. ف .تشيتشيرن، الافكار والاسلوب ، دكتور حياة شرارة ، درار الشوءون الثقافية عامة ، ؟ ، العراق – بغداد .
14. ف.م جيرنومسكى (2000)، الدراسات الادبية المقارنة ، نقلها عن الروسية د. عزالدين مصطفى رسول ، الجزْ الاول ، السليمانية.
15. الدكتور محمد غنيمى هلال (1996)، النقد الادبى الحديث ، نهضة مصر للطباعة، طبع بمطابع شركة سادس من اكتوبر، مصر.
16. -محمد كامل الخطيب(1995) ، الرواية واليوتوبيا ، دار المدى للثقافة والنشر ، ؟ ، سوريا – دمشق .
17. د . مكارم الغمري ، الرواية الروسية فى القرن التاسع عشر ،مطابع الانباء، الكويت، بدون سنة طبع.
18. ميخائيل باختين (1982)، الملحمة و الرواية ، د. جمال شحيد ، الطبعة الاولى، طرابلس، بيروت.
19. ميشال بوتور (1971)، بحوث في الرواية الجديدة ، ترجمة فريد انطونيوس ، الطبعة الاولى ، منشورات عويدات ، المطبعة التجارية ، بيروت- لبنان.
20. ميلان كونديرا (2001)، فن الرواية ، د . بدرالدين عرودكى ، المجلس الاعلى للثقافة ، مطابع مجلس الاعلى للآثار ،؟.
21. والتر الن ، الرواية الانجليزية ، ترجمة صفوت عزيز جرجيس ،دار الشؤون الثقافية العامة، افاق العربية، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، بدون سنة الطبع.
22. نورى بطرس (2003)، مسارات فى القصة واروابة الكردية، دار ادى شير ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل-كوردستان العراق .

**سەرچاوە بەزمانی فارسی**

1. تئودور نولدكه(1384) ، حماسه ملى ايران ، بزرگ علوى، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران.
2. جمال مير صادقى (1383)، ادبياتى داستانى ، انتشارات علمى، چاپ چهارم، تهران.
3. گئورگ ويلهلم فريدريش هيگل (1382)، درس گفتارهايى پيرامون فلسفه زيبا شناسى، مؤسسه انتشارات نگاه.

(ظهور الملحمة والرواية في الادب الكردي، تقليد ام مستوحات من فلسفة مشخصة)

**الملخص:**

قسم هذا البحث الى قسمين رئيسيين. القسم الاول يتكون من ثلاثة أجزاء, الجزء الاول يتضمن ماهية الفلسفة وما هي الافكار التابعة لهذه الفلسفة. الجزء الثاني يفسر كيفية ظهور الملحمة وما هية علاقتها بالفلسفة العامة. اما الجزء الثالث خصص لتفسير كيفية ظهور الملحمة الكردية، و ما هي الافكار الفلسفية وراء ظهور هذه الملحمة. اما القسم الثاني يتجزء ايضاالى ثلاثة اجزاء: في الجزء الاول فسرنا ماهية الفلسفة الفردية.وفي الجزء الثاني تم تفسير ان الرواية استطاعت ان ترسخ جذورها في المجتمع الذي يؤمن بالفلسفة الفردية.اما في الجزء الثالث تمت الاجابة عن السؤال التالي: هل ان الفلسفة الفردية هي السبب لظهور الرواية الكردية ام هي مجرد تقليد للرواية الاوروبية؟

***مفاتيح الكلمات:*** *الملحمة، الرواية، الفلسفة العامة، الفلسفة الفردية*

## Appearance of Epic and Novel in Kurdish literature, imitation or philosophical Appearance

**Abstract**:

We divided this research into two main sections. The first section consists of three small parts. In the first part we talked about concept of philosophy. We spoke about any thought or idea that has its place in general philosophy. Appearance of epic and its relationship with general philosophy is the second part in the first main part in this research. The third part is about appearance of Kurdish epic.

The second section consists of three different parts. In the first part we talked about individual philosophy. Second part was place of speaking about appearance of novel inside European societies, and how these societies helped novel to arise. In the third part in section two we focused on Kurdish novel and its relationship with individualism. Also we tried to answer this question, is individualism made Kurdish novel to be appeared or Kurdish novel is just imitation of European novel?

***Keywords:*** *Epic, Novel, General Philosophy, Individualism*